کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-4-2007 22:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کەمپینی جیهانی دژ بە ڕە شە کوژی و بەردەبارانکردنی ژنان لە کوردستان!

بۆ پاڵپشتی و لایەنگری لەم کەمپینە تکایە کلیکی ئێرە بکەو ناوی خۆت تۆمار بکە:

http://www. petitiononline. com/kurdish/petition-sign. html

بەردبارانکردنی "دۆعـا" ئەو کچە گەنجەی کە تەنها تاوانی ئەوە بوو خۆشەویستی کرد !!
لەناوەڕاستی شارۆچکەی بەعشیقەو بەبەرچاوی سەدان کەسەوە، و لەسەر تاوانی خۆشەویستی"دۆعـا"
تا مردن بەردبارانکرا.
"دۆعـا"، کچە گەنجێکی تەمەن 17 ساڵانە بوو، و لە خێزانێکی یەزیدییە، کاتێک پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕە موسڵمانێکی عەرەبدا ئاشکرا دەبێت، لە ڕۆژی 7ی مایسی 2007 دا لەلایەن چەند پیاوێکی یەزیدیەوە پەلکێش دەکرێتە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی و لەناو کۆمەڵێک لە دانیشتوانی شارۆچکەی بەعشیقە و بە بەرچاوی دەسەڵاتداران و بە هاوکاریی پۆلیسی شارۆچکەکە تا مردن بەردباران دەکرێت.

ئاشکرایە کە ژنان لە کوردستان و لە عێراقدا لەژێر چەوسانەوەدان و ئەو برە مافە ڕوکەشیەی کە هەیانە زۆر سنوردارە، و لە زۆر بواردا لە پاشکۆیەتی زیاتر نیە.
کوشتن، خۆکوژی و توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان بووتە نەریتێکی ڕۆژانە لەهەرێمی کوردستاندا، ئەگەر چی لەم جۆرە تاوانانە (بەردبارانکردن) لە کوردستاندا دیاردەیەکی تازەیە، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ترسناکمان نیشان دەدات ئەویش ئەوەیە کە کەش و هەوای سیاسی و یاسای و کۆمەڵایەتی زۆر لەبارە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە، بۆ نمونە لەم تاوانەدا دەسەڵاتداران نەک هەر بەریان نەگرت لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە بەڵکو ڕێخۆشکەر و هاوکار بوون، تەنانەت بکوژانی ئەم کیژە 17 ساڵانەیە تا ئێستاش ئازادن!
حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نیە یان ناتوانێت ژنان بپارێزێت لە چەوسانەوە بە یاسا یان سزادانی تاوانباران، ئەمەش وای کردووە کە هەزاران ژن بە تاوانی " کوشتنی ناموسەوە ببنە قوربانی و بەم پێیەش توندوتیژی لەدژی ژنان لەبەر
ئە نجامی ئەم کولتورە پاتریارکی ودینیانەوە زیادی کردووە.
ئێمە بەتووندی ئەم تاوانە بەربەریانەیە ڕیسوا دەکەین و داوا لە گشت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، ڕێکخراوە ڕامیاری و جەماوەریەکانی کوردستان، کەسایەتی و چالاکەکانی مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی کوردستان و جیهان دەکەین ئەم تاوانە ڕیسوا بکەن و بێدەنگ نەبن لە ئاستیدا.
شەرمەزاریەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەیەک کەلە سەدەی بیست ویەکدا، بەرۆژی ڕوناک تاوانی وای تیا ئەنجام بدرێت. لەمەش واوەتر ئەم تاوانە شەرمەزاریەکە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە ناتوانێت ژنان لە دەستی ئەم کارە نامرۆڤایەتی یانەدا بپارێزێت.
بەردبارانکردنی "دۆعـا"، پێشینەیەکی مەترسیدارە بۆ بەردەوامبوون لە کوشتنی ناڕەوا و هەڵسوکەوتی نامرۆڤایەتیانە بەرامبەر بە ژنان لە کوردستاندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
22:16 27-4-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئێمە دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان بە بەرپرس دەزانین لەو جۆرە تاوانانە و خەمساردی دەسەڵات ڕێ خۆشکەرە بۆ دوبارەبونەوەیان، پاراستنی ژیانی ئافرەتانی کوردستان لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستاندایە و پێویستە یاسای تایبەت هەبێت بۆ پاراستنی سەرجەم مافەکانی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ئێمە ئیمزاکەرانی خوارەوە داوا دەکەین:

- پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاوانبارانی ئەم تاوانە بداتە دادگاو بەسزای خۆیان بگەیەنرێن.
- پیویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای تایبەت دژ بە ڕە شە کوژی و و چەوساندنەوەی ئافرەتان دابنێت، و سزا بۆ تاوانباران دابنێ پە یڕە وی لیبکرێت.
- بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم جۆرە تاوانە بەربەریانەیە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، پێویستە سزا بە دژ ی تاوانی بەردبارانکردن دابنرییێت.

1. هۆزان محمود، نوێنەری دەرەوەی وڵاتی ڕێکخراوی ئازادی ژن و هاوئاهەنگکەری کەمپینەکە.
2. ڕێگا ڕۆوف، نوسەرو هەڵسوڕاوی مافەکانی ژنان و هاوئاهەنگکەری کەمپینەکە
3. یەنار محمد، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی ژن
4. سەمیرە محمد، سەرنووسەری رۆژنامەی ژنانەی "ڕاسان" لە کوردستان
5. ئارام علی، بەڕێوەبەری سایتی بۆپێشەوە
6. بەکر ئەحمەد "ئاسۆ"، شاعیرو نوسەر
7. دلێر کۆڵنەدەر، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی چاک
8. عمر فارس بەڕێوەبەری سایتی کوردستان نێت
9. دینا نامی، کەمپینی جیهانی دژ بە کوشتنی ناموسی
10. امل الماس، دەستەی ژنانی عێراقی/یۆتۆبۆرگ، سوید
11. نوێنەرا یە تی کوردستانی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان
12. چرۆ سابیر، بەڕیوەبەری ڕێکخراوی "ڕاسان" لە کوردستان
13. هانا شوان، رۆژنا مە نووس و هەلسوراو ی مافی ژنان-
14. حمزە عبد، مەڵبەندی کولتوری عێراقی لەشاری یۆتۆبۆرگی سوید
15. ستیڤان شەمزینانی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (نێوەند)

26/04/2007

بۆ پەیوەستبوون بەم کەمپینەوە یان پیشاندانی هاوپشتیت تکایە پەیوەندی بکە بە:

. هۆزان محمود hozan73@yahoo. co. uk

. ڕێگا ڕۆوف rega_rauf@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.